


تابلۆ ئەبوبەکر

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت:

# یەکێتییە وەرزشییەکان ئەگەر پاڵەوانیەتییان بۆ ناکرێتەوە، با وازبهێنن

یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانانەی کە تایبەتە بە یارییەکانی ئافرەتان لە شاری سلێمانی و تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەی کچانی یاریزانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان (تابلۆ ئەبوبکر)ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری سلێمانی و قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشییەو بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووەو لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراق خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

***ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستان بە رادەیەکی زۆر لاواز دەبینم، بەڵام وەك یاریزانی باڵە یاریزانی زۆر ئاست بەرزمان هەیە لە کوردستان، کێشەکە ئەوەیە هیچ خول و پاڵەوانیەتییەك نییە، بۆیە یاریزانان تووشی نائومێدی بوون.

***واتە پێتوایە نەبوون یان کەمبوونی پاڵەوانیەتی هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بەڵێ، بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تا رادەیەکی زۆر ئەم یارییەی لاواز دەبێت، چونکە یاریزان نازانێ بۆچی راهێنان دەکات، ئەگەر خول نەبێت یاریزانی باڵە بەرەو نەمان دەچێت، ئەگەر دڵسۆزیی چەند راهێنەرێك نەبێت لە کوردستان زۆربەی یاریزانانی کچان واز دەهێنن، تاکو ئێستاش چەند یانەیەکی بەهێز تیپی باڵەیان نەماوە، چونکە لە ساڵی ٢٠١٣ تاکو ئێستا تەنیا یەك پاڵەوانیەتی هەبووە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-تەنیا ئەوەمان دەوێت کە خول و پاڵەوانیەتی بکرێتەوە، من نازانم بۆچی یەکێتییە وەرزشییەکان وازناهێنن ئەگەر پاڵەوانیەتییان بۆ ناکرێتەوە؟ پاڵەوانیەتی چی تێ دەچێت؟ تەنیا پارەی ناوبژیوانانە ناتوانن ئەوەش دابین بکەن، تەنیا با پاڵەوانیەتی بکەنەوە، تاکو یاری باڵەی کچان زیاتر بەرەوپێش بچێت.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ، لە چەند یانەیەکی سلێمانی و هەولێر گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام من هەموویانم ڕەت کردووەتەوە و لە یانەکەم بێ بەرامبەر یاری دەکەم، چونکە دڵم نایەت هاوڕێکانم بەجێ بهێڵم، هەر لە منداڵییەوە لەو یانەم و زۆر دڵخۆش و ئاسوودەم لەوێ.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-بەنیازم بۆ داهاتوو یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان و عێراق بکەم، هەوڵی زیاتر دەدەم تاکو ئاستم زیاتر بەرەوپێش بچێت و یاری بۆ ئەو هەڵبژاردانە بکەم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، من لەگەڵ ئەوەدا نیم یاریزانی بیانی بێنن، بەڵام با راهێنەری بیانی بێنن بۆ کردنەوەی خول بۆ راهێنەرانی خۆمان، بەتایبەتی راهێنەری ئافرەت، چونکە راهێنەری ئافرەت بۆ تیپی کچان زۆر باشە و لە گرفتەکانی یاریزانی کچ تێدەگات.

***بۆچی یانەی (ئافرۆدێت)ت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ هاورێکانمان چووینەتە یانەی ئافرۆدێت و تاکو ئێستاش بەردەوامین، چونکە لە یانەی ئافرۆدێت خۆشەویستی و رێزگرتن هەیە لە نێوانماندا و خێزانی دووەمە بۆمان.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داواکاری من بۆ سەرجەمیان ئەوەیە کە زیاتر گرنگی بدەن بە وەرزشی کچان، بەتایبەتی کردنەوەی پاڵەوانیەتی و خولی دادەوری و خولی راهێنەری بۆ کچان، با چیتر وەرزشی کچان بە کەم سەیر نەکرێت، چونکە هەر وەرزشە بە دونیات دەناسێنێ.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەوەنی وەرزشیم بەشداریکردنی کوردستانە لە خولی ئاسیا و جیهانی، بەڵام ئەگەر پاڵەوانیەتی نەبێت، خەونەکانمان نایەتەدی. خەونی گەورەشم یاریکردنە بۆ هەڵبژاردەی کوردستان، هیچیشمان لە هەڵبژاردەکانی دیکە کەمتر نییە کە لە خولی ئاسیادا یاری بۆ وڵاتەکەیان دەکەن.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی عێراق داوا کراوی؟**

-بەڵێ، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و گرفتی ئەمنییەوە نەمانتوانی بەشداری بکەین، تاکو ئێستا هەڵبژاردەکەش کۆنەکراوەتەوە.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی بەرازیلی رۆبێرتا

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان هەر ساخ بن.





# هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتی کۆنیفا ناکات

یەکێتی تۆپی پێی هەرێمە بێ وڵاتەکان (کۆنیفا) لە هەرێمی قوبرسی تورکی کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی تاوتوێکردن لەسەر چالاکییەکانی یەکێتیەکە و هەروەها دەستنیشانکردنی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆك بۆ ماوەی دوو ساڵی داهاتوو و گفتوگۆکردن لەسەر بەشداریکردنی هەڵبژاردەکان لە جامی جیهانی بۆ هەرێمە بێ وڵاتەکان، کە لە مانگی پێنجی ئەمساڵ لە شاری لەندەن ئەنجامدەدرێت و هەروەها ئەنجامدانی تیروپشکی پاڵەوانێتیەکە.

**راپۆرت: رێبین رەمزی**

**● سەفین کانەبی بۆ دوو ساڵی تر بووە ئەندام**

لەم کۆبوونەوەیە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە داوەتنامەی فەرمی بەشداری لەم کۆبوونەوەیە کرد.

لەم کۆبوونەوەیە بەفەرمی سەفین کانەبی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر وەکو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی کۆنیفا دەستنیشانکرا و هەروەها چاوەڕوان دەکرێت لە رۆژانی داهاتوو پۆستێکی تری لە یەکێك لە لیژنەکان پێ رابسپێردرێت.

**● هەڵبژاردەی کوردستان لە جامی جیهانی هەرێمەکانی ٢٠١٨ بێ بەش دەبێت**

هەر لەم کۆبوونەوەیە گفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردە بەشداربووەکانی جامی جیهانی کۆنیفا لە ساڵی ٢٠١٨ کرا و چۆنیەتی ئەنجامدانی تیروپشکی پاڵەوانێتیەکە، لەمبارەیەوە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە لێدوانێکیدا گوتی: گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکان کرا و هەروەها داوای گۆڕینی سیستەمی کۆکردنەوەی خاڵەکان لە رێگەی یارییە دۆستانەکانکرا، چونکە هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانێت یاری دۆستانە لە وڵاتانی ئەوروپی یاخود



ئەفریقی ئەنجامبدات بەهۆی کێشەی ڤیزا و هەروەها بارودۆخی دارایی ڕێگرە، بۆیە مەکتەبی تەنفیزی بریاری دا لە کۆبوونەوەی داهاتوو گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

سەبارەت بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەی کوردستان لەم پاڵەوانێتیە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان گوتی: بەهۆی کێشەی ڤێزا هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانێت بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکات، چونکە وەرگرتنی ڤیزای بەریتانیا ئەستەمە بۆ شاندێکی گەورەی وەکو هەڵبژاردەی کوردستان و هەروەها ئەمە تەنیا کێشەی بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دروست نەکردوە، بەڵکو چەندین هەڵبژاردەی تر بەتایبەتی لە کێشووری ئەفریقیا هەمان کێشەیان هەبوو و نەیانتوانی بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن.

بۆیە کۆنیفا تەئکیدیان لەوە کردووە، ئەگەر لەم ماوەیەدا هەڵبژاردەی کوردستان توانیان کێشەی ڤیزا چارەسەر بکەن، ئەوە مافی بەشداریکردنیان لەم پاڵەوانێتیە دەبێت.

لە درێژەی قسەکانیدا سەفین کانەبی گوتی: هەڵبژاردەی کوردستان لە دوای تەواوبوونی پاڵەوانێتی کۆنیفای ٢٠١٦ تا ئێستا نەمانتوانی هیچ یارییەکی دۆستانە لەگەڵ هەرێمەکانی تر ئەنجام بدەین، ئەمەش کاریگەری لەسەر ریزبەندی هەڵبژاردەکان دەکات هەروەها نەمانتوانی هیچ خاڵێك کۆبکەینەوە، بەڵام بەشدارینەکردنی هەڵبژاردەی کوردستان لەم پاڵەوانێتیە تەنیا بەهۆی کێشەی ڤیزایە.

## ● هەڵبژاردەی کوردستان دوو یاری دۆستانە ئەنجام دەدات

سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە هەڵبژاردەی کوردستان داوتنامەیەکی فەرمی پێگەیشتووە بۆ ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە و گوتی: هەر لەم کۆنفرانسی کۆنیفادا بەفەرمی یەکێتی تۆپی پێی کۆریای یەکگرتوو لە ژاپۆن؟ داوتنامەیەکی ئاراستەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کردووە بەمەبەستی ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆریای یەکگرتوو لە ژاپۆن و گشت خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، تەنیا بلیتی فرۆکە لەسەر ئەستۆی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانە.

لە درێژەی قسەکانیدا سەفین کانەبی زیاتر گوتی: ئەوان پێشنیاریان کردووە هەردوو یارییەکە لە مانگی ١١ یاخود ١٢ ئەمساڵ ئەنجامبدرێت، ئێمەش چاوەڕوانی گەیشتنی داوتنامەکە بەفەرمی دەکەین، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بریاری کۆتایی خۆمان لەمبارییەوە بدەین.

## ● تیروپشکی جامی جیهانی کۆنیفا ٢٠١٨ ئەنجامدرا

لە کۆتایی کۆنفرانسی مەکتەبی تەنفیزی کۆنیفا، تیروپشکی پاڵەوانێتی جامی جیهانی کۆنیفا ٢٠١٨ ئەنجامدرا، کە تیاییدا ١٦ هەڵبژاردە بەشداری دەکات و بەسەر چوار کۆمەڵە دابەش کراون، بەمشێوەیە:

**کۆمەڵەی یەکەم:** باراوا، ئیلان ڤانین، تامی ئیلام، کاسکادیا

**کۆمەڵەی دووەم:** ئەبخازیا، باکووری قوبرس( قوبرسی تورکیا)، فێلڤیدیك، تیبت.

**کۆمەڵەی سێیەم:** پادانیا، سزیکلی لاند، کیریباتی، ماتابیلی لاند.

**کۆمەڵەی چوارەم:** پانجاب، کۆریای یەکگرتوو لە ژاپۆن، رۆژئاوای ئەرمینیا، کابیلیا.

وا بریارە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە لە کۆتایی مانگی پێنجی ئەمساڵ لە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا ئەنجام بدرێت.

## ● مێژووی پاڵەوانێتیەکە

جامی کۆنیفا ٢٠١٨ هەشتەمین پاڵەوانێتی و سێیەم پاڵەوانێتیە بەناو تازەکەی، سەرەتا جامی جیهانی ڤیڤا بوو، کە پێنج پاڵەوانێتی لەژێر ئەم ناوە ئەنجامدرا و هەڵبژاردەی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ میوانداری کرد و توانی نازناوەکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بەدەست بهێنێت پاشان لە ساڵی ٢٠١٤ ناوی پاڵەوانێتیکە بووە جامی جیهانی کۆنیفا، کە تا ئێستا سێ جار ئەنجامدراوە و هەڵبژاردەی کوردستان نەیتوانیوە هیچ ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنێت.

هەڵبژاردەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ لە سوید بۆ یەکەم جار بەشداری لەم رکابەرییە کرد و توانی پلەی چوارەم بە دەستبهێنێت و لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ دووەم جار هەڵبژاردەی کوردستان بەشداریکرد، کە لە ئیتاڵیا بەڕێوەچوو، کە تیاییدا هەڵبژاردەی کوردستان توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت و لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری سێیەم بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد، کە لە وڵاتی ماڵتا ئەنجامدرا و هەڵبژاردەی کوردستان پلەی دووەمی بە دەستهێنا و یاریزان شوان مامۆ بەتۆمارکردنی (٥) گۆڵ بووە گۆڵکاری خولەکە و لە ساڵی ٢٠١٢ دواین پاڵەوانێتی لە ژێر ناوی جامی جیهانی ڤیڤا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، کە تیاییدا هەڵبژاردەی کوردستان توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت.

لە ساڵی ٢٠١٤ ناوی پاڵەوانێتیەکە بووە جامی جیهانی کۆنیفا، کە لە وڵاتی سوید ئەنجامدرا هەڵبژاردەی کوردستان پلەی شەشەمی بەدەستهێنا و لە ساڵی ٢٠١٦ هەرێمی ئەبخازیا میوانداری ئەم پاڵەوانێتیەکرد و هەڵبژاردەی کوردستان پلەی هەشتەمی بە دەستهێنا و لە ساڵی ٢٠١٨ لە شاری لەندەن لە بەرتیانیا ئەنجامدەدرێت و هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری تیاییدا ناکات.



# پێرلۆ نهێنییەکی دەربارەی هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید ئاشکرا کرد




ئەندریا پیرلۆی ئیتاڵی و ئەستێرەی پێشووی دوو یانە بەهێزەکەی ئیتاڵیا (ئەی سی میلان و یۆڤانتۆس) نهێنییەک لەسەر یانەی بەرشلۆنە ئاشکرادەکات و رایدەگەیەنێت هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەو یانەیەی رەتکردووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ یەکێک لە راگەیاندنەکانی بەرشلۆنە پێرلۆ گوتی: لە ساڵی ٢٠١٠ یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ دەستەی کارگێری یانەی ئەی سی میلان کەوتنە گفتوگۆ لەسەر چوونم بۆ ریزەکانی یانە ئیسپانییەکە، بەڵام دواجار رەتمکردەوە درێسی ئەو یانەیە بپۆشم و لە ریزەکانی میلان مامەوە.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا باس لەوە دەکات ئەو کاتەی ئێبراهیمۆڤیچی سویدی رووی لە یانەی ئەی سی میلان کرد، یانەی بەرشلۆنە هەوڵەکانیان بۆ ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵی خستبووەگەڕ، بەڵام کوڕە ئیتاڵییەکە رەتیکردووە روو لە بارسا بکات.

ئەو نهێنییە ماوەی هەشت ساڵە لای پێرلۆ ماوەتەوە و یەکەمجارە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئاشکرای دەکات.

لە کۆتایی قسەکانیدا پێرلۆی ئیتاڵی باسی لەوەش کرد، کە ساڵی ٢٠٠٦ نزیکبوو روو لە یانەی ریاڵ مەدرید بکات، بەڵام لەلایەن سێلڤیۆ بێرلسکۆنی سەرۆکی ئەو کاتی میلان بەربەستی لەبەردەم ئەو گواستنەوەیە دروستکرد و رێگای لێگرت.



# گۆمێز دەچێتە خولی ئینگلیزی



یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی گواستنەوەی یاریزانێکی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کردووەتە ئامانج.

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردووە یانەی تۆتنهام دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا گرێبەست لەگەڵ ئەندرێ گۆمێزی پورتوگالی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە مۆربکات.

بەپێی هەمان سەرچاوە دەستەی کارگێری یانەی تۆتنهام پێشتر بە نیازی گواستنەوەی رۆس بارکلی یاریزانی یانەی ئیڤەرتۆن بوون، بەڵام پەیوەندیکردنی ئەو یاریزانە بە یانەی چێڵسی پلانەکەی تۆتنهامی پوچەڵ کردووە.

میرۆر ئاشکرایکرد لە ئێستادا دەستەی کارگێری یانەی تۆتنهام دەیانەوێت گرێبەست لەگەڵ ئەندرێ گۆمێزی یاریزانی بەرشلۆنە مۆربکەن، ئەوەش لە کاتێکدایە یاریزانە پورتوگالییەکە خواستی خۆی بۆ مانەوە لە ریزەکانی یانە کەتەلۆنییەکە ئاشکرا کردووە.

گرێبەستەکەی ئەندرێ گۆمێزی تەمەن ٢٤ ساڵ لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە هاوینی ٢٠٢١ تەواو دەبێت و نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەش ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیە.

# پاریس سان جێرمان دوا قسەی خۆی لەسەر دیبالا کرد



لە ماوەی رابردوودا دەنگۆی گواستنەوەی پاولۆ دیبالای ئەرژەنتینی و ئەستێرەی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی بۆ یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی بووە هەواڵی زۆرێک لە رۆژنامەکانی ئەوروپا، بەڵام دواجار دەرگا بەڕوو رۆیشتنی ئەم یاریزانە داخرا.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی لاستامبا ناسر خلێفی خاوەنی یانەی پاریس سانجێرمان گوتی: لە راستیدا خولی ئیتاڵیا کۆمەڵێک یاریزانی گەورەی لەخۆی گرتووە تەنها دیبالا نییە، لە ماوەی رابردوو هەوڵماندا بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە ئەرژەنتینییە، بەڵام دواجار بڕیاری کۆتاییمان دا و دیبالامان لە پلانەکانمدا دەرهێناوە.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەشکرد رەنگە هۆکاری رەتکردنەوەی دیبالا لە لایەن خلێفی پەیوەندی بە ئاستی ئەو یاریزانە هەبێت، کە بەراورد بە وەرزی رابردوو بەرەو دابەزین چووە.

جگە لە یانە پاریسییەکە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لە کێبڕکێی کڕینی دیبالای تەمەن ٢٤ ساڵ هاتووەتە دەرەوە و نایانەوێت گرێبەستی لەگەڵ ئیمزا بکەن.

## تۆران بەرشلۆنە جێدەهێڵێت


کاتەکانی ئاردا تورانی تورکی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە دوا ساتەکانیدایە و یاریزانی ناوبراو بۆ یاریکردن دەگەڕێتەوە خولی تورکیا.

ئاژانسی رۆیتەرز لە زاری گۆکسیل گۆمۆشداغی سەرۆکی یانەی باشاک شاهیری تورکی بڵاویکردووە ئاردا توران پەیوەندی بەیانە تورکیەکە دەکات.

سەرۆکی یانەی باشاک شاهیر، کە لە ئێستادا یانەکەی پێشەنگی ریزبەندی خولی یانەکانی تورکیای گرتووە گوتی: لەسەر گواستنەوەی ئاردا توران گەیشتۆتە رێککەوتنی سەرەتایی، بەڵام چەند کارێک هەن بە هەڵواسراوی ماونەوە.

سەرۆکی یانەی باشاک شاهیر لە کۆتاییدا گوتی: تیپەکەم لە ئێستادا لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی ئاردا توران و بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنە لە گفتوگۆدان، هیوادارم بەئەنجامێکی باشەوە بگەڕێنەوە.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی بەرشلۆنە ئامادەیی دەربڕیوە نیوەی موچەی ئاردا توران لە ئەستۆ بگرێت.



# ڕووداوە وەرزشییە ناوخۆییەکانی ساڵی ٢٠١٧

**ساڵی ٢٠١٧ ساڵێکی ناخۆش بوو بۆ وەرزشکارانی کوردستان و بەهۆی ئەو بارە داراییە خراپەی کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەشێکی زۆری وەرزشکارانی بێ ئومێد کردبوو لەو دۆخەی وەرزشی تێکەوتبوو، بەڵام وەرزشکردن هەر بەردەوام بووە و چەندین ڕووداوی وەرزشی جۆراوجۆر هەبوون، ئەمانەش بەشێکی ڕووداوە وەرزشییەکانی ناوخۆ لە ساڵی پار بوون:**

**● یانەی پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان**

یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بووە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان دوای ئەوەی پلەی یەکەمی قۆناخی چوارگۆشەی زێڕینی وەرگرت.

دەستەبەرکردنی ناسناوەکە لەدوا گەڕی ئەو قۆناخە هات، کاتێك یانەی پێشمەرگەی هەولێر سەرکەوتنی بەسەر یانەی کەرکووك تۆمار کرد، هاوکات یانەکەی باباگوڕگوڕیش توانی پلەی دووەم بە دەست بهێنێت و یانەی شێروانە پلەی سێیەمی بەدەستهێنا و یانەی نەورۆزیش پلەی چوارەمی دەستخست.

باشترینەکانی خولی نایابی کوردستان

دوای تەواوبوونی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان باشترینەکانی خولەکە دەستنیشانکران کە تێیدا ڕەوا یوسف یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر وەك باشترین یاریزانی خولەکە دیاریکرا و دیار جومعە گۆڵپارێزی کەرکووك وەك باشترین گۆڵپارێز هەڵبژێردرا و عەلی کاکە مینە هێرشبەری شێروانە بەتۆمارکردنی نۆ گۆڵ بوو بە گۆڵکاری خولەکە.

**● دابەزینی یانەکانی گارە و دهۆك بۆ خولی پلە یەکی کوردستان**

هەردوو یانەی دهۆك و گارە بۆ خولی یانە پلە یەکەکان دابەزین، دوای ئەوەی پلەی کۆتایی کۆمەڵەکانیان لە خولی نایابی کوردستان پێ بڕا، دهۆك لە کۆمەڵەی یەکەم یاری کرد و گارەیش لە کۆمەڵەی دووەم.

**● هەردوو یانەی سەید سادق و کفری سەرکەوتن بۆ ڕیزی پلە یەکەکان**

لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان هەردوو یانەی سەید سادق و کفری سەرکەوتن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هاوکات یانەی سەید سادق بوو بە پاڵەوانی



خولەکە، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا و بە ئامادەبوونی هاندەرێکی زۆر لە یانەی کفری بردەوە و بوو بە پاڵەوان.

**● بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی وەرزی نوێی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ی خولەکانی کوردستان**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بریاریدا خولەکانی کوردستان ئەنجام بدرێن.

دەستپێکردنەوەی خولەکان لە وەرزی نوێدا وەك ساڵانی رابردوو دەبێت، دوای ئەوەی بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بەشێك لە خولەکان لە دوو وەرزی رابردوو ئەنجام نەدران، بەڵام وەرزی نوێ وەك بڕیاری لەسەردراوە، سەرجەم خولەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بەڕێوە دەچن، لەسەرەتاشەوە خولی فوتساڵی کچان دەستی پێکرد و دواتر خولی لاوانی نایابی کوردستان، بڕیاریشە خولەکانی پلە نایاب و پلە یەك و پلە دوو ئەنجام بدرێن.

**● کەرکووك و گازی باکوور لە خولی نایابی کوردستان کشانەوە**

بەهۆی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەو بارودۆخەی لە کەرکووك هاتە ئاراوە، هەردوو یانەی کەرکووك و گازی باکوور بڕیاریاندا لە خولی نایابی کوردستان بۆ وەرزی نوێ بکشێنەوە و بەشداری نەکەن، هۆیەکەش بۆ ئەستەمی ئەنجامدانی یارییەکان لەشاری کەرکووك و هاتنی تیپەکانی دیکە بۆ شارەکە گەڕاندەوە.

**● دوو یانەی شاری سلێمانی پاشەکشەیان لە خولی یانە پلە یەك و نایابەکان کرد**

هەردوو یانەی سلێمانی بەشدار لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، سلێمانی و سیروانی نوێ بڕیاریاندا ئەمساڵ بەشداری کێبڕکێییەکانی وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان نەکەن بە هۆکاری تایبەت بە تیپەکانیان پاشەکشە بکەن.

یانەی بروسك ستافی تازەی راهێنەرانی دیاری کرد

دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی بروسك بەشداری هیچ کێبڕکێیەکی لە خولی کوردستان نەکردبوو، کە بە هۆیەوە دابەزێنرا بۆ پلەی سێ دووی خولی کوردستان، لەگەڵ دیاریکردنی ستافی تازەی کارگێڕی یانەکە تیپەکە بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی هەریەك لە راهێنەران ئامانج مەحمود و هێرش عەزیز بۆ راهێنەری تیپی تۆپی پێی و راهێنەری گۆڵپارێز و هەوڵ دەدەن تیپەکە هەڵستێننەوە و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووتری.

**● جەرجیس رەشید رێکۆردی جیهانی شکاند**

جەرجیس رەشید یاریزانی کوردی شاری دهۆك لە شاری دوبەی لە وڵاتی ئیمارات توانی ریکۆردێکی جیهانی بشکێنی لە یاری شیناو لێدان و بۆکسی خێرا و ناوی خۆی لە پەرتووکی گینسی جیهانی تۆمارکرد.

یانەی هەولێر بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی عێراق دابەزی

بەفەرمی یانەی هەولێر بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی عێراق دابەزی، دوای ئەوەی لەوەرزی رابردوو لەخولی نایابی عێراق پاشەکشەی کرد، ئەگەرچی بەر لە بڕیاری دابەزینی بۆ خولەکە ئەوەی باسی لێوەکرابوو یانەکە لە خولی نایاب بەشداری دەکات، بەڵام سووربوونی زیاتر لە ١٠ یانەی شارەکانی بەغدا و باشووری عێراق لەسەر دابەزاندنی یانەی هەولێر بڕیاری هاتنەخوارەوەی یانەکەی قەڵاو منارە بوو بە فەرمی.

**● کۆچی یاریزانان بۆ تیپەکانی تر**

کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی عێراقی لە ساڵی پار، هەلێکی باشی بۆ یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق رەخساند هەتا چاویان لەسەر ئەستێرەکانی کوردستان بێت، زۆربەی زۆری یاریزانانی یانەی هەولێریش روویان لە



تیپەکانی تری بەشدار لە خولی عێراقی کردو توانییان ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە خولی عێراق.

● **هەڵبژاردن بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجامدران**

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ دوای زیاتر لە چوار ساڵ هەڵبژاردن بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا، هەڵبژاردنەکەیش بۆ سەرۆك و جێگر و ئەندامانی دەستەی کارگێری بوو، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا، زۆربەی سەرۆك و جێگیر و ئەندامانی یانەکان لەشوێنی خۆیان مانەوە.

● **باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی بووە پاڵەوانی خولی عێراق**

دوای بەشداریکردنی تیپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی لەخولی باڵەی یانەکانی عێراق، ئەو یانەیە توانی ناسناوەکە دەستەبەر بکات.

تیپەکەی سلێمانی لە قۆناخە جیاوازەکاندا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و دواتر لە خولی بژاردە وتوانی یانە بەهێزەکانی شاری بەغدا تێپەڕێنێت و جامی پاڵەوانیەتییەکە بۆ شاری سلێمانی بگوازێتەوە.

● **شەترەنجی خانزاد پلەی سێیەمی خولی نایابی عێراق بەدەستهێنا**

یانەی شەترەنجی خانزاد دوای بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عێراق کە لە شارەکانی بەغدا و دیوانیە بەڕێوەچوو، توانی پلەی سێیەمی پاڵەوانیەتییەکە دەستەبەر بکات، خولی نایابی شەترەنجی عێراق بە بەشداری ١٤ یانە بەڕێوەچوو.

● **بەچکە شێرانی خانزاد بوونە پاڵەوانی عێراق**

دوای بەشداریکردنیان لە پاڵەوانیەتی شەترەنجی یانەکانی عێراق بۆ خوار تەمەنی ١٤ ساڵان، یانەی شەترەنجی خانزاد بە میدالیای زێڕەوە لە بەغداوە گەڕانەوە شاری هەولێر.

بەچکەشێرانی تیپی خانزاد بە پێنج یاریزانەوە بەشدارییان کرد و توانییان لەسەرجەم یارییەکان ببەنەوە و پلەی یەکەم دەستەبەربکەن.

● **باسکەی کچانی هەڵەبجەی شەهید بوونە پاڵەوانی عێراق**

تیپی باسکەی کچانی یانەی هەڵەبجەی شەهید بوونە پاڵەوانی باسکەی کچانی یانەکانی عێراقی، تیپی باسکەی یانەی هەڵەبجە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیان توانیان ئەو نازناوە بەدەست بهێنن، ڕزگار ڕەئوفی ڕاهێنەر بۆ یەکەمجار توانی لەگەڵ یانەی هەڵەبجە ئەو نازناوە بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی توانی ڕکابەری یانەکانی تری شارەکانی عێراقی بکات.

● **ئارام میر ساڵح زۆرانبازی کوردی بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی کرد**

ئارام میر ساڵح زۆرانبازی کوردی شاری هەولێرو دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا بەشداری چەندین کێبڕکێ زۆرانبازی نێودەوڵەتی کردو وەکو پاڵەوانێکی کورد بە ئاڵای کوردستان بەشداری کێبڕکێی KWF کردو لە وڵاتی ئوردەن و ڕووسیا و چەندین وڵاتی تر بەشداری پاڵەوانیەتی زۆرانبازی کردو ئەنجامی بەرچاویشی بەدەستهێنا.

● **بادمنتۆنی یانەی ئەکاد بووە پاڵەوانی عێراق**

یانەی وەرزشی ئەکاد کە نوێنەرایەتی شاری هەولێری کرد لە پاڵەوانیەتی بادمنتۆنی عێراق کە لەشاری کەرکووك بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی پلەی نایاب توانی براوەی پلەی یەکەم بێت و ناسناوی پاڵەوانیەتییەکە بباتەوە.

● **یانەی سلێمانی بووە پاڵەوانی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان**

تیپی سەرمێزی یانەی سلێمانی توانیان پلەی یەکەمی





پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، دوای ئەوەی کۆنترۆڵی رکابەرییەکانی پاڵەوانیەتییەکەیان کرد.

**● بۆ یەکەمینجار پاڵەوانیەتی تێنسی کراوە لەسەر ئاستی عێراق لە هەولێر ئەنجامدرا**

بۆ یەکەم جار لەمێژووی عێراق گەورەترین پاڵەوانیەتی تێنسی سەرزەوی لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، پاڵەوانیەتییەکە بە بەشداری ٥٧ یاریزان ئەنجامدرا و تێیدا ئەکرەم موستەفا خاوەن پۆلینی یەکەمی عێراق بووە پاڵەوان و سان تەحسین-یش وەك یاریزانێکی کورد پلەی سێیەمی بردەوە.

**● بە بەشداری چەندین وڵات پاڵەوانیەتیی نێودەوڵەتیی ئەسپسواری لەهەولێر بەڕێوەچوو.**

پاڵەوانیەتییەکە بەبەشداری وڵاتانی ئەڵمانیا - هەنگاریا - ئەمریکا- عێراق - ئوردن و کوردستان ئەنجامدرا و رکابەرییەکانیش لە یانەی ئەسپسواری هەولێر بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو.

**● بەڕێوەچوونی شەشەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر**

شەشەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر بەڕێوەچوو، بەڵام ئابلۆقەدانی ئاسمانی هەرێم و راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان رێگربوو لەوەی ژمارەیەکی زۆر پێشبڕکێکار لە وڵاتانی دەرەوە بەشداری تێدا بکەن.



ئەوانەی بەشدارییان لە ماراسۆنەکەدا کرد ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠٠ کەس دەبوون و هاووڵاتیانی هەرێم و عێراق و ئاوارە و پەنابەرانی سووریا بەشدارییان تێداکرد.

ئەم ماراسۆنە و ئەوانەی پێشوو بە سەرپەرشتی رێکخراوی ئەربیل ماراسۆن ئەنجامدرا.

**● پاسکیلسوارانی یانەی کۆیە بەشداری لەپاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەب کرد**

تیپی پاسکیلسواری یانەی وەرزشی کۆیە لەپاڵەوانیەتی یانە پاڵەوانەکانی وڵاتانی عەرەبی بە بەشداری حەوت وڵاتی عەرەبی کرد و پاڵەوانیەتییەکەیش لەوڵاتی جەزائیر بەڕێوەچوو.

دوای تەواوبوونی پاڵەوانیەتییەکە تیپی پاسکیلسواری یانەی وەرزشی کۆیە هیچ مەدالیایەکی بەدەست نەهێنا، بەڵام بەشداریکردنەکە ئەزموونی زیاتری بە یاریزانانی یانەکە بەخشی.

**● هێمن مەهدی بەناوی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانیەتی جیهانیی تایکواندۆ کرد**

لە ساڵی ٢٠١٧ هێمن مەهدی قادر وەك یاریزانێکی تایکواندۆی کورد و بەناوی کوردستان، بەشداری لە پاڵەوانییەتی جیهانی تایکواندۆ لە وڵاتی کۆریا باشوور کرد کە تێیدا ٦٤ یاریزان رکابەرییان کرد.

هێمن مەهدی لە رکابەرییەکانی کاشی شکاندن بەشداریکرد، دوای دەستپێکردنی پاڵەوانیەتییەکە وبڕینی قۆناخەکان یەك لەدوای یەك، توانی لەدواییدا و بەشکاندنی ١٢ کاشی ژمارەیەکی پێوانەیی بشکێنێت و پاڵەوانیەتییەکە بباتەوە و باشووری کوردستان بکاتە خاوەن مێدالیای زێڕ.



